
# تەرزی دابەش بوونی بەهای تایبەت بە دیاردەکان

وەک چۆن تەرزی دابەش بوونی شوێنی دیاردەکان پێوانە دەکرێت بەهەمان شێوە تەرزی دابەش بوونی بەهاکانی ئەو دیاردەیەش دەپێورێت بە ڕێگای ئاماری، ئەم پێوەرە بەکاردەهێنرێت بۆ دەستنیشان کردنی بوونی کەڵەکەبوون یان نەبوونی بەهایەک لە بەهاکانی تایبەت بە دیاردەکە، وەک ژمارەی دانیشتوان، بڕی بەرهەم، نرخی زەوی ... هتد.

- پێوانی تەرزی بەهاکان پشت دەبەستێت بە بیرۆکەی جوگرافیی ناسی ئەمریکی (Waldo Rudolph Tobler) کە بریتیە لە (هەر شتێک پەیوەندی بە شتێکی ترەوە هەیە، بەڵام شتە نزیکەکان لەیەک پەیوەندیان زیاترە لە شتە دورەکان لە یەکتر) ئەمە ناونرا بە یاسای یەکەم لە جوگرافیادا.
- هۆکاری سەرەکی لێکچوونی بەهای دیاردە نزیکەکان لەیەک دەگەڕێتەوە بۆ لێکچون و هاوشێوە بوونی بارودۆخی دەوروبەری ئەو ناوچەیەی تیایدا هەڵکەوتوون. بۆ نمونە بەرزی بری بەرهەمی بەروبومێکی دیاری کراو لە چەند کێڵگەیەکی نزیک لە یەک ناوچەدا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بارودۆخی گونجاوی ئەو بەروبومە لەو ناوچەیە وەک بەپیتی خاک و باران و شێی باش ... هتد.
- شارەزایانی ئاماری جوگرافی ئەم لێک نزیک بونەوەی دیاردەکانیان ناوناوە پەیوەندی خودبەخۆی شوێنی ( spatial autocorrelation)، بۆ پێوانەکردنی بوونی ئەم نزیکبونەوەیە زانایەکی ئاماری ئوسترالی بە ناوی (Morans) ڕێگایەکی ئاماری دەستنیشان کرد بۆ پێوانی تەرزی بەهای دیاردەکان هەربەناوی خۆی ناونرا بە (Moran's I) ئاماژەی مۆران.
- لە ڕێگای مۆران ماوەی یان جیاوازی نێوان یەکە دراوسێیەکان لە بەهایەکی دیاریکراودا دەپێوێت و بەراوردی دەکات بە جیاوازی نێوان بەهاکانی هەموو یەکەکانی ناوچەکە.

## Spatial Autocorrelation (Moran's I)

**ئەم تولّە پێوانەی پەیوەندی خودبەخۆی بەهای دیاردەکان دەپێوێت. دەستنیشانی تەرزی دابەش بوون دەکات کە کەڵەکەبووە یان پەرشوو بڵاوە یان هەڕەمەکیە.**




Global Moran's I Summary

| | |
|---|---|
| Moran's Index: | 0.110442 |
| Expected Index: | -0.022222 |
| Variance: | 0.010943 |
| z-score: | 1.268184 |
| p-value: | 0.204732 |

**ئەنجامی (Spatial Autocorrelation (Moran's I)**

لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم تولّە لە بەرنامەی (Arc Toolbox) چەند بەهای ژمارەی لەگەڵ شێوەیەکمان دەستەکەوێت کە بریتیە لەمانە:

1- Moran's I Index: بەهای هاوکۆلکەی مۆران.
ئەگەر لە (0) گەورەتر بێت بەهای هاوشێوە نزیکن لەیەک و تەرزەکە کەڵەکەبووە.
ئەگەر یەکسان بێت بە (0) دابەشبوونی هەرەمەکی و تەرزێکی دیاری کراو نیە.
ئەگەر بچوکتر بێت لە (0) بەها هاوشێوەکان پەرشوو بڵاوە و تەرزەکە پەرشوو بڵاوە.

2- z-score: بریتیە لە لادانی پێوەری داتاکان، پێوەرێکی ئاماریە لە ڕێگەیەوە بریار بە ڕازیبوون بە گریمانەی نەبوون دەدەین یان ڕەتکردنەوەی. هەروەها دەستنیشان کردنی جۆری تەرزەکان. بەهای ئەم پێوەرە لەگەڵ (p-value) ئاستی متمانەی بریاری دروست لە بوونی تەرز یان نەبوونی دەدەن.

3- p-value: بریتیە لە بەهای لەوانەیی، واتە ڕێژەی ئەو هەڵەیەی کە دەکرێت قبول بکرێت لەکاتی بریار دان بە ڕەتکردنەوەی گریمانەی نەبوو دەستنیشان کردنی تەرزێکی دیاری کراو.

# شیکردنەوەی ئاماری شوێنی گوندەکانی پارێزگای هەولێر